KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-12-2006 16:29

# چەکەکانیان لێوەربگرنەوە یاخود فێری یاسایان بکەن! ... شکار ئەحمەد

Shkar_qaladzaey@hotmail. com

هێشتا چلەی ئەو بێ ئیحتیرامی پێکردن و دەرکردنەم لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەلایەن پاسەوانانی جەنابی وەزیرەوە بەسەرنەچووە، هێشتا خەمەکانی ئەو کاتەم کاڵ نەبوونەتەوە، هێشتا ئەو برینەی کە لە ڕۆحمدا دروستیان کرد سارێژ نەبووە، کاك شاهۆی هاوڕێشمیان پڕ شەق و جنێو کرد!.



درەنگانێکی شەوی 20-21ی ئەم مانگە، لەوکاتەی خەریکی خوێندنەوە بووم، کاك شاهۆی هاوڕێی لەمێژینە و هاوکارم لە ڕۆژنامە تەلەفۆنی بۆ کردم و بە دەنگێکی پڕ لە ئاە و حەسرەتەوە گلەیی ئەوەی لێکردم کە بۆ بێ ئاگام لێی!. زۆر پەشۆکام و پرسیارم کرد کە چی بووە؟! ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە و ئەمەش پوختەی ئەو بەسەرهاتەیە: نزیکی دەژمێر 7ی ئەم شەوە لە بەشەناوخۆیی زۆرك کە قوتابیانی پەیمانگای تەکنیکی هەولێر تێیدا نیشتەجێن و دەکەوێتە شەقامی سێتاقان، بەهۆی نەبوونی کارەبا و خزمەتگوزاری پێویست قوتابیان مانیانگرت و ڕژانە سەر شەقام. لەو کاتەدا کاك شاهۆ ئاگادار دەکرێتەوە و ئەویش بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە شوێنی مانگرتنەکە. وەکو نەریتێکی ڕۆژنامەوانی سەرەتا چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند قوتابییەك دەکات، بەڵام لەکاتی وێنەگرتندا کارمەندێکی ئاسایشی بنکەی سێتاقان دەچێتە لای و ئەویش وەك پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕوانین خۆی دەناسێنێت، ئاسایشەکە داوای پێناسی ڕۆژنامەی لێدەکات، بەڵام ئەو بەهۆی پەلەکردنەوە پێناسەکەی لەبیرچووبوو، بۆیە پەلکێشی دەکەن، لەوکاتەدا قوتابییەکان و ئەندام بەشێکی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لێیان نزیك دەبنەوە و دەڵێن کە ئێمە دەیناسین و ئەو پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕوانینە، بەڵام ئاسایشەکان گوێ بە قسەی ئەوان نادەن و زۆر نامرۆڤانە بە لێدان و قسەی ناشایستە و نەشیاو و تەقەکردن بەسەر قوتابییەکاندا، کاك شاهۆی کەمئەندام دەخەنە ناو ئۆتۆمبێل و لەوێش تا ناو بارەگای بنکەی ئاسایشی سێتاقان، تەنانەت زۆر بێ ئەدەبانە لە ژووری بەڕێوەبەر و لەبەرچاوی ئەوەوە بەردەوام دەبن لە لێدان و قسە پێگوتن، بەڕێوەبەریش هەوڵی ئەوە دەدات کە کامیراکە بکێشێت بە سەری ئەو گەنجە خێرلەخۆنەدیوە و لەکۆتاییشدا پێی دەڵێن (دەستمان خۆش بێت کە لێمانداویت!) . پاشان بە ڕێنومایی کاك عەبدولخالق بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشار، کاك شاهۆ دەبرێتەوە شوێنی ڕووداوەکە و لەبەرچاوی ئەوانەی لەوێ بوون داوای لێبووردن لە پەیامنێری ناوبراو دەکات و دەڵێت ئێمە هەڵەمان بەرامبەرت کردووە و بەڵێن دەدات کە ئەو ئاسایشانەی کە لێیانداوە سزای یاسایی بدرێن. دوای ئەمەش ڕائید مەعروف کە بەڕێوەبەری بنکەی ئاسایشی سێتاقانە داوای لێبوورن لە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕوانین و کاك شاهۆ دەکات. هەر بۆیە و لەسەر بەڵێنی بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوشار و بەڕێوەبەری بنکەی ئاسایشی ناوبراو ڕۆژنامەی ڕوانین هیچ داوا و سکاڵایەکیان تۆمار نەکرد.

زۆر دڵگران بووم بەم ڕووداوە، بۆیە ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت. بۆ ڕۆژی دواتر لەگەڵ کاك شاهۆی شەق خواردوو چووینە لای کاك عەبدولخالق و ئەویش دووبارە داوای لێبووردنی کرد و گوتی کە یەکێك لە تاوانباران گیراوە و ئەوانی تریش سزا دراون. پاشان چووین بۆ ئاسایشی هەولێر و لەوێ هەندێ قسەیان لە پەیامنێری ناوبراو وەرگرت و گوتیان ئێمە ئاگاداری ئەو ڕووداوەین و هەروەکو کاك عەبدولخالق گوتوویەتی ئەوان سزا دراون. ئەوەی جێگای واق وڕمانە ئەوەیە کە دوای گەڕانەوەمان بەڕێکەوت لە بەردەمی بنکەی ئاسایشی سێتاقان گوزەرمان کرد و کاك شاهۆ بە سەرسامییەوە گوتی: شکار ئەمانە بوون کە شەوی رابردوو لە منیاندا، خۆ نەگیراون!. سەیرم کرد سێ ئاسایشی چوارشانە لەپێش بنکەکە وەستابوون، بسکەی سمێڵیان دەهات و قاقا پێدەکەنین!.

هەروەکو ئاگادارین تا ئێستا هیچ سزایەك نەبووە بە بەشی ئەو ئاسایشانە، بۆیە دەڵێم درۆیەکی هێندەی سەر و سکی ئاسایشەکان و بەرپرسەکان گەورەیە کە دەڵێن ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان بوونی هەیە و ڕۆژنامەنووسان سەربەستن لە ڕایی کردنی کار و ئەرکیان، چونکە ئەگەر بێین و بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەو قسە هەڵخەڵەتێنەرانە و ئەو واقعەی ئێستا لەئارادایە، دوو شتی تەواو پێچەوانە و دژ بەیەك دەبینین، بۆیە چیتر ئەم لافە بەسەر ڕۆژنامەنووساندا لێمەدەن و بە دەنگێکی گوێکەڕکەر ئەمە مەڵێن و مەڵێنەوە، با لەوە زیاتر ڕووتان زەرد نەبێت!.

ئەگەر ئەو ئاسایشانەش وتە بەنرخەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستان نایانگرێتەوە کە دەفەرموێ: "نابێت کەس لە یاسا بەرزتر بێت" ئەوە قسەیەکم نامێنێت بۆ گوتن!